

# لاجوانتی

# LAJWANTI

**راجیندەر سینغ بیدی (Rajinder sigh bedi)**
**و: محەمەد عەبدوڵڵا**

راجیندەر سینغ بیدی ساڵی 1915 لەدایکبووەو ساڵی 1984 کۆچی دواییکردووە. هاوسەردەمی چەندین نووسەری ناوداری هیندی بووە، لەوانە: بریم چاند، سادات حەسەن مانتۆ و کریشین چاندەر، یەکێکە لە گەورە نووسەرانی سەدەی بیستەمی ئەدەبی ئوردیی، لە ڕیزیی جوڵانەوەی پێشکەوتووخوازدابووە. لە چیرۆکەکانیدا گرنگیی بەهێماگەرای داوە، لە شاکارەکانیدا پەیوەندییە ئاڵۆزە مرۆییەکان، بەتێڕوانینی سایکۆلۆجی ریشەییەوە شیدەکاتەوە. لە کارە بەناوبانگەکانی: لاجوانتی، دیلۆلا، تیرمینۆس سی باری... هتد. هەردوو خەڵاتی ئەکادیمیای ساهیتیا و بادما شری بەدەستهێناوە.

(لە بنەڕەتدا ئەم دەقە بەزمانی ئوردی نووسراوە)

دەستکاریی لاجوانتی مەکە
دەمرێت
چونکە بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە

سەرەنجام قەسابخانەی دابەشکردنەکە کۆتاییهات. بەهەزاران دەست بەیەکداچوون و ئەو خوێنەی بەجەستەیانەوەبوو شۆردیانەوە، ئاوڕیان لەوانە دایەوە کە جەستەیان نەشێوێندرابوو، بەڵام ژیان تێکشکاو و ڕۆحیان بریندارببوو.

لیژنەکانی سەرلەنوێ (راهێنانەوە)، لە هەموو کوچەو گەڕەکەکاندا دامەزرێنران، هەر لەسەرەتاوە حەماسەت بۆ بەرنامەکانی وەك: (بازرگانی بۆ کۆچپێکراوان، زەوی بۆ پەناهەندەکان، ماڵ بۆ دەرکراوەکان)، داگیرسا.

لەگەڵ ئەوانەدا تەنیا یەك چالاکی لای هەمووان پشتگوێخرابوو، ئەویش دانانی بەرنامەی سەرلەنوێ راهێنانەوەی ئەو ژنانە بوو کە بەتاڵانی برابوون و لاقەکرابوون، دروشمی ئەو بەرنامەیەش (رێزیان لێبنێن، لە دڵتاندا جێگیریان بکەن) بوو، کە پیاوە ئاینییەکانی دامەزراوەی نارین بابا (Narain Baba) و هەموو کەسە باش و خراپەکانی دەوری دژایەتییان دەکرد.

لیژنەیەك دامەزرا بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکە بۆ دانیشتوانی گەڕەکی شاکوور-ی نزیك لە دامەزراوەی نارین بابا. بابو سەندەرلال وەك ئەمینداری لیژنەکە بەزۆرینەی یازدە دەنگ هەڵبژێردرا، بەپێی رای سەردار ساحیب-ی پارێزەرو عەریزەنووسە پیرەکەی شاری شوقی کالان و چەندین کەسایەتیی ناسراوی گەڕەکەکە. کەس لە سەندەرلال جێباوەڕتر نییە بۆ لەئەستۆگرتنی ئەم کارە، چونکە خۆشی هاوسەرەکەی بەتاڵان براوە، کە ناوی لاجۆ- لاجوانتی-یە.

هەموو بەیانییەك سەندەرلال و راسالۆ و نیکی رام و چەندانی دیکە بەمەوکیبێك دەردەچوون و بەشەقامەکانی شاردا دەسوڕانەوەو سروودو گۆرانیی میللییان دەوتەوە، بەڵام کاتێك دەستیان بەوتنی گۆرانیی (دەستکاریی لاجوانتی مەکەن... چونکە بەخۆیدا دەشکێتەوەو دەمرێت) دەکرد، سەندەرلال دەنگی دەگیراو فرمێسك لە چاوانییەوە دادەباری.

بۆیە بەبێدەنگی لەگەڵ مەوکبەکەدا دەڕۆیشت و بیری لە چارەنووسی لاجوانتی دەکردەوە، (ئێستا لەکوێیە؟ حاڵی چۆنە؟ بیر لە من دەکاتەوە؟ جارێکی دیکە دەیبینمەوە؟)، کە بەشەقامە رەق و بەردەڵانەکاندا دەگوزەرا، هەنگاوەکانی تێکدەئاڵان.

ئەو کاتە هات کە هێندە بەقوڵی و خەمەوە بیر لە لاجوانتی نەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە ئازارەکانی خۆی کەمبکاتەوە، لەمەرگەساتی کەسانی دیکە نزیکدەبووەوە، سەربازی ئازارەکانی، خۆی بۆ دڵنەوایی ئەوانە تەرخانکرد کە پێویستیان بەدڵنەواییە، بۆیە بیری لە رادەی ناسکیی مرۆڤ دەکردەوە، وشەیەك هەر بۆنی پشتگوێخستنی لێبێت مرۆڤ بریندارەدەکات و ئازاری دەدات، چونکە مرۆڤیش ناسك و هەستیارە، وەك رووەکی لاجوانتی کە بەتەنیا سێبەری دەستێك لەسەری دەلەرزێت و هەڵدەوەرێت... ئەمیش چەند خراپ مامەڵەی لەگەڵ لاجوانتیدا دەکرد، چەندینجار بەقامچی لێیدەدا، تەنیا لەبەر ئەوەی شێوازی دانیشتنەکەی یان شێوازی نیگاکردنی بەدڵ نەبوو، یان لەبەر ئەوەی حەزی لە چۆنیەتیی پێشکەشکردنی خواردنەکەی نەبوو.

لاجۆ-ی هەژار کچێکی لادێیی ناسك و ساویلکەو گوێڕایەڵ و هەستیاربوو، وەك داری توو دەمتەڕبوو، پێستی بەتیشکی خۆر سووتابوو، تەژیبوو لە چالاکی و وزەی بێکۆتا، بەئەندازەی سەربەرزی تنۆکە شەونمێکی سەر گەڵایەکی گەورە دەجووڵا، یەکەمجار کە سەندەرلال بینی پێیوابوو بەرگەی ناخۆشی ناگرێت، چونکە سەندەرلال خۆی بەهێزو جەستە پتەوبوو، بەڵام لەدواییدا بۆیدەرکەوت، کە دەتوانێت قورسترین کێش هەڵبگرێت و بەرگەی زۆرترین خەم و ئازارو مەرگەسات بگرێت، تەنانەت بەرگەی هەموو لێدانەکانی سەندەرلال-ی دەگرت، کە زۆر دڵڕەقانە رەفتاری لەگەڵدا دەکرد، بەپێی ئەو سنوورەی لەدوایەوە سەبری مرۆڤ دەتەقێتەوە، لاجوانتی خۆی بەرپرسیاربوو لە سڕینەوەی ئەو سنوورە، چونکە دوای لێدانی زۆر، یەکسەر بەشادمانییەوە پێدەکەنی، هەر کاتێك زەردەخەنەیەکی لەڕووی سەندەرلالدا ببینیایە، راستەوخۆ رایدەکرد بۆ لای و توند باوەشی بەملیدا

دەکردو دەیوت: (ئەگەر جارێکی دیکە لێمبدەیت، هەرگیز قسەت لەگەڵدا ناکەم)، وەك ئەوەی بیریچووبێتەوە بەر قامچی دراوە. ئەویش وەك کچەکانی دیکەی گوندەکە دەیزانی پیاوەکان لە هاوسەرەکانیان دەدەن، لەڕاستیشدا ئەگەر پیاوێك ڕێگەی دا بەهاوسەرەکەی بەسەربەخۆیی ڕەفتار بکات، ئەوا خودی ژنانیش بەڕق و کینەوە سەیری ئەو پیاوەیان دەکردو دەیانوت: (ئەمە چ پیاوێکە دەسەڵاتی بەسەر ژندا نییە...).

ئەو ڕاستییەی پیاوان لە هاوسەرەکانیان دەدەن، بەشێکی گۆرانییە میللییەکانی پێکدەهێنا، خودی لاجۆ-ش ئەو گۆرانییەی دەوت کەدەڵێت:

(شوو بەکوڕێکی شاری ناکەم
پێڵاو لەپێ بکات و
پشتی نەرم بێت...)

لەگەڵ ئەوەشدا لاجوانتی کە کوڕێکی شاری بینی، کەوتە داوی خۆشەویستییەوە، ئەو کوڕە ناوی سەندەرلال بوو، کە لەگەڵ دەستەی زاوا هاتبوونە گوندەکەیان بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیریی خوشکی لاجوانتی.

کاتێك سەندەرلال، لاجوانتی بینی، بەگوێی زاوادا سرپاندی: (ئەگەر خوشکی هاوسەرەکەت ئەوەندە تیژ بێت، بەدڵنیاییەوە هاوسەرەکەت زۆر گەرمە...).

لاجوانتی گوێی لەو قسەیە بوو، ئیتر بیری نەما کە پێڵاوەکانی سەندەرلال گەورەو ناشرینەو پشتیشی نەرمە.

هەرچەندە سەندەرلال گوێی لە بەشداربووانی مەوکیبەکە دەبوو، بەو بەیانییە گۆرانیی لاجاوانتی-یان دەوتەوە، هەستیدەکرد یادەوەری هاوسەرەکەی ئەشکەنجەی دەدات، بۆیە سوێندی بۆ خۆی دەخوارد: (ئەگەر ئەمجارە بیدۆزمەوە... بەس بیدۆزمەوە... ڕێزی لێدەگرم و لەدڵمدا نیشتەجێی دەکەم... بەهەموو خەڵکیش دەڵێم ئەو ژنانەی بەتاڵانی بران، بێتاوانن، ئەوانە قوربانیی وەحشیگەری و مەیلی تاڵانین لای تێکدەرەکان... ئەو کۆمەڵگەیەی وەریانناگرێتەوە... و دووبارە رایانناهێنێتەوە، ئەوە کۆمەڵگەیەکی بۆگەنە، کۆمەڵگەیەکی ساختەیەو دەبێت تێکبشکێنرێت...).

سەندەرلال چەندین سەعاتی بەهاندانی خەڵك و قەناعەتپێکردنیان بەپێویستی گەڕانەوەی ئەو ژنانە بۆ ماڵەکان و ڕێزلێنەگرتنیان بەو شێوە ڕێزەی دایك و کچ و خوشك شایەنیەتی دەبردەسەر، هانی خەڵکی دەداو دەیوت: (نەکەن بیریان بێننەوە، بە وتە یان ئاماژە، کە چەند سووکایەتییان پێکراوە... نەکەن برینەکانیان بکولێننەوە، چونکە ئەوانە ناسکن، لاوازن وەك گەڵای لاجوانتی... ئەگەر دەستکارییان بکەن بەخۆیاندا دەشکێنەوەو دەمرن...).

سەندەرلال چەندین مەوکیبی ڕێکدەخست کە بەشەقامەکاندا دەگەڕان تا هەوڵی لیژنەی ڕاهێنانەوەی ژنان کاریگەرترو باشتر بکات. بەشدابووانیش سروودو گۆرانیی میللییان دەوتەوە. باشترین کاتیش بۆ دەرچوونی ئەم مەوکیبانە لەنێوان سەعات چوارو پێنجی بەیانیان بوو، چونکە ئەوکاتە هێشتا خەڵك لەخەو هەڵنەستاون و دەستیان بە زۆر بڵێیی نەکردووە، ژاوەژاوی ئۆتۆمبێلەکانیش شەقامەکانی پرنەکردووەتەوە، تەنانەت سەگە گەڕۆکەکانی شەقامەکانیش بەبێدەنگی لای چێشتخانەکانەوە نووستون، کاتێك خەڵك کە خۆیان لە لێفەکانیانەوە پێچاوەو لە خەوی قوڵدان، گوێیان لەو گۆرانی و سروودانە دەبێت، بەسەر خەواڵوییدا زاڵدەبن و دەڵێن: (ئۆو، هەمدیسان سروودبێژەکانە).

منداڵانیش کە چاویان دەکەنەوەو گوێیان لە میلۆدی ئەو سرووده دەبێت کە دەڵێت: (ڕێزیان لێبنێن، لە دڵتاندا جێگیریان بکەن)، لەسەر نەوای ئەو سروودە چاویان دەچێتەوە خەو.

خەڵکی هەندێکجار بەسەبرەوە گوێیان بۆ ئامۆژگاری و پاساوەکانی سەندەرلال شلدەکرد، جاری واش هەبوو بەتووڕەییەکی شاردراوەوە. ئەوانەی زۆرترین ڕقیان لە ڕێزگرتن لەو ژنانە دەبووەوە، ئەو ژنانە بوون کە بەسەلامەتی لە پاکستان گەڕابوونەوە، ئێستا وەك کەڵلە قەرنابیتی گەورە زۆر لەخۆیان ڕازین. هەرچی مێردەکانیشیانە وەك پاسەوان بەفیزێکەوە لەدەوریان دەوەستان، ڕووی ژنەکانیان لە سەندەرلال دەشاردەوەو

سەرزەنشت و جوێنیان پێدەدان.

ئەو قسانەی بەیانیان بەرگوێ دەکەون، ئەگەر مرۆڤ لێشیان تێنەگەیشتبێت، بەئاسانی بیریناچنەوە، بۆیە لەڕێی کاری ڕۆژانە وەك مشتومڕی تووێژینەوە لەبەرخۆیەوە دەیانڵێتەوە.

ئەو وتانە کاریگەرییان لەسەر خەڵکی گەرەکەکە جێهێشتبوو، بۆیە ژمارەیەك خێزانی شاکوور ڕازیبوون کە ژنە گەڕاوەکانی تاڵانی وەربگرنەوە، کاتێك خاتوو (مریدولا سارابهای) پرۆسەی گۆڕینەوەی ژنە بەتاڵانبراوەکانی لەنێوانی هیندو پاکستان ئەنجامدا، کەسوکاریان بۆ وەرگرتنەوەیان چوونە قەراخ شاری شوقی کالان.

ژنە ئازادکراوەکان و کەسوکارەکانیان وەك نامۆ بەترسەوە لەیەکدییان دەڕوانی، پاشان سەریان لە شەرمان و لە خەمدا دادەخست و بۆ ماڵەکانیان دەگەڕانەوە، تا هەوڵبدەن سەرلەنوێ ژیانیان دابڕێژنەوە. ڕاسالۆو نیکی ڕام و سەندەرلال-یش بەدروشمەکانیان هانیاندەدان: (بژی ماهیندەر سینغ، بژی سوهانلال زنداباد)، تا دەنگیان دەنوسا لە وتنەوەی ئەم دروشمانە نەدەکەوتن.

لەناو ئەو ژنانەشدا هەندێك هەبوون کە مێردو باوك و براو خوشکەکانیان ڕازینەبوون وەریانبگرنەوەو دەیانوت: (بۆ نەمردن؟ یان بۆ خۆیان ژەهرخوارد نەکرد تا پاکیزەیی و شەرەفیان بپارێزن؟ بۆ خۆیان نەخستە بیرێکەوە؟ ئەوانە ترسنۆکن و دەیانەوێت هەر بژین! لە کۆندا بەهەزاران ژن خۆیان کوشتووە تا پاکیزەییان بپارێزن....)، کەمن ئەوانەی لە ئازایەتیی ئەم ژنانە تێدەگەن، یان هەست بەو هێزە لەڕادەبەدەرە دەکەن کە بەرەنگاری مردنی پێبوونەتەوەو ژیانیان لە جیهانێکدا هەڵبژاردووە کە تەنانەت هاوسەرەکانیشیان دانیان پێدانانێن.

یەکێك لەو ژنانەی مێردەکانیان خۆیان لێ بێبەری کردبوون، بەدڵتەنگی و هەموو هێزییەوە هەر هاواریدەکرد، ناوی (ساهاگواسی) بوو، یەکێکی دیکەیان لەنێو خەڵکەکەدا براکەی خۆی بەدیکرد، هاواریکرد: (بیهاری تەنانەت تۆش ڕازینیت بمگریتەوە خۆت، تۆ بەمنداڵی لەسایەی مندا یاریت دەکرد!)، بیهاری ویستی بەرەو ڕووی بڕوات، بەڵام لەشوێنی خۆیدا چەقی و ئیفلیج بوو، کاتێك نیگایەکی لە چاوانی دایك و باوکیدا بەدیکرد. دایك و باوکە دڵڕەقەکە ئاوڕیان بۆ نارین بابا دایەوە تا ڕێنمایی لێوەربگرن. بیهاری سەیری ئاسمانی دەکرد، وەك ئەوەی لە ئاسمان بەدوای وەڵامدا بگەڕێت، بەڵام ئاسمان تەنیا خەیاڵکردێکی ترسناکی خۆمانەو جگە لەوپەڕی مەودای بینینی چاومان و هیچی دیکە نییە.

سەندەرلال سەیری دواین ژنی کرد کە لە لۆرییەکان دادەبەزی، کە خاتوو سارابهای لە پاکستانەوە گەڕاندبوونییەوە، لاجۆ لە هیچ کامیاندا نەبوو، ئیتر سەندەرلال بەناچاریو بەسەبرو سەرخۆییەوە، خۆی بەکارەکانی لیژنەکەوە سەرقاڵکرد.

ئەندامانی لیژنەکە ئێستا بەیانیان و ئێواران مەوکبەکانیان بەڕێدەخەن و کۆڕو سیمیناریش سازدەکەن. پارێزەر کالا پراشاد-ی تووشبوو بەنەخۆشی ڕەبو، کۆڕەکانی بەوتارێکی پڕ لە بۆچوونی سۆفیگەرانە دەستپێدەکردو ڕاسالۆ-ش بەتەنیشتییەوە دەوەستا، لەکاتی وتارەکەی کالا پراشاد-دا بڵندگۆکە جیکەجیك و دەنگی ناسازی لێوەدەهات. پاشان نیکی ڕام هەڵدەستا بۆ ئەوەی بۆ بەرگری لە ژنە ئەتککراوەکان شتێك بڵێت، بەڵام چەند دڕێژەی بەقسەکانی بدایەو چەند نموونەی لەشاستراکان (Shastras) و پوراناکان[1] (Puranas) وەربگرتایە، سەرەنجام هەر قسەکانی دژ دەهاتنەوە لەگەڵ ئەو مەسەلەیەی بەرگریی لێدەکرد.

کاتێکیش بابۆ سەندەرلال هەستی بەو شڵۆقییە دەکرد، کە نیکی ڕام دروستیکردووەو خەریکە پێگەی دیالۆگەکە لە دەستدەدات، دەهاتە ناوەوە بۆئەوەی شتێك بڵێت، بەڵام دوای چەند ڕستەیەك دەنگی دەگیراو فرمێسك لەچاوەکانییەوە بەڕوومەتیدا خوارەوەو سۆز بەسەریدا زاڵدەبوو، بۆیە بەناچاری دادەنیشتەوەو بێدەنگییەکی نامۆ ئەو ناوەی دەگرتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ڕستە کەمانەی سەندەرلال لەناخییەوە دەریدەبرین، کاریگەریی لەقوڵایی خەڵکەکە زۆر زیاتربوو وەك لە ئامۆژگارییە سۆفیگەراییەکانی کالا پراشاد، بەڵام ئەو کاریگەرییە زۆری نەدەخایاند، خەڵکەکە کەمێك فرمێسکیان هەڵدەڕشت و هەستییان بەپاکبوونەوەی ئەخلاقی دەکرد، پاشان دەگەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان و هەروەك ڕاهاتبوون گرنگییان نەدەدا بەچارەنوسی بەتاڵانبراوەکان.

ئێوارەیەك بەشداربووانی مەوکبەکە خۆیان لە نزیك پەیکەرێك بینییەوە کە لە شوێنگەیەکی تەقلیدییە توندڕەوەکان دروستکرابوو. کۆمەڵێك لە باوەڕداران لەسەر شۆستەیەك لەژێر دار (پیپال Peepag)-ێکدا دانیشتبوون و گوێیان بۆ داستانی رامایانا گرتبوو، نارین بابا-سیلۆ-ش ئەو برگەیەی داستانەکەی دەوتەوە کە چیرۆکی (کووا) بیردەخاتەوە کاتێك هاوسەرەکەی لە ماڵەکەی دەرکرد، وتی ئەوە راجا رامچاندرا (Raja Ramchanadra) نییە، کە توانیی سیتا دوای ئەوەی چەند ساڵێك ژیانی لەگەڵ راڤانا (Ravana)دا بەسەربرد، بگەڕێنێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی سەرزەنشتکردن پاڵی پێوەنا، فەرمانی بەسیتای باوەڕداری رەوشتپەروەر دا لە کۆشکەکەی بێتە دەرەوە، هەرچەندە سیتا لەو کاتەدا دووگیانیش بوو. نارین بابا دەربارەی رووداوەکە وتی: (ئەمەیە چیرۆکی رام راجیا! تەنانەت تیایدا رێزی لە وشەی - کووا-ش گرتووە.)

بەشداربووانی مەوکبەکە وەستان و گوێیان بۆ رامایانا گرت تا رای خۆیان بڵێن، دوا رستە سەندەرلال-ی هانداو وتی: (بابا، رام راجیا-ی وامان ناوێت). ئەوانەی گوێیان لێبوو هاواری یان لە سەندەرلال کرد: (وسبە... تۆ کێی... بێدەنگبە). سەندەرلال هاتە پێشەوەو وتی (کەس ناتوانێت رێی قسەکردنم لێبگرێت). شەپۆلێکی دیکەی نارەزایی پەیدابوو: (بێدەنگبە... رێیی قسەکردنت پێنادەین!)، تەنانەت کەسێك لە گۆشەیەکی ناو جەماوەرەکەوە هاواریکرد: (دەتکوژین). نارین بابا لەسەرخۆ پێیوت: (سەندەرلال، تۆ لە نەریتە پیرۆزەکانی شاسترابیەکان تێناگەیت).

سەندەرلال وەڵامیدایەوە: (بەڵام دەزانم لە رام راجیادا دەکرێت گوێ لە دەنگی کووا بگیرێت، نەك دەنگی سەندەرلال).

خودی ئەو کەسانەی پێشتر داوای کوشتنیان دەکرد، رێیان لەژێر دار (پیپال)-ەکەدا بۆ چۆڵکردو وتییان: (با قسەبکات... باقسەبکات).

سەندەرلال بەهاندانی راسالۆو نیکی رام وتی: (کاتی خۆی شری رام (Shri Ram) خواوەندمان بوو، بەڵام نارین بابا، پێمبڵێ، رام وشەی کووای وەك حەقیقەتێك قبوڵکردووەو گومانی لە وشەی شاژنە شەرەفمەندە مەزنەکە هەبووبێت.)

نارین بابا کە لەو کاتەدا یاریی بەرِیشی دەکرد، وەڵامیدایەوە: (سەندەرلال، سیتا هاوسەری بوو، تۆ ناتەوێت درك بەگرنگیی ئەو حەقیقەتە بکەیت.)

بابو سەندەرلال وەڵامیدایەوە: (بەڵێ بابا، لەم جیهانەدا زۆر شت هەیە لە مەودای ئیدراکی من فراوانترە، بەڵام پێموایە لە رام راجیادا مرۆڤ ناتوانێت تاوانێك لە دژی خۆی ئەنجامبدات، ئەگەر مرۆڤ ئازاری خۆی بدات، بەزولم ئەژمارە وەك ئەوەی ئازاری کەسانی دیکەی دابێت... تائێستاش خواوەند سیتا لە ماڵەکەی دەردەکات، چونکە ناچارکراوە لەگەڵ راڤانادا بژی... ئایا سیتا هیچ تاوانێکی ئەنجامداوە؟ ئایا قوربانییەکی توندوتیژی و هەڵخەڵەتاندن نەبووە، وەك ئەوەی ئەمڕۆ دەرهەق بەدایك و خوشکەکانمان ئەنجامدەدرێت؟ ئایا مەسەلەکە مەسەلەی راستگۆیی و باوەڕداریی سیتایە، یان مەسەلەی شەرانگێزی و درندەیی راڤانایە؟ راڤانا خودی شەیتان بوو... دە سەری مرۆڤی هەبوو، بەڵام گەورەترینیان سەری گوێدرێژ بوو!... هەروەك سیتاش، جارێکی دیکە چەندین ژنی بێتاوانمان لە ماڵەکانیان دەرکران، سیتا... لاجوانتی...)

سەندەرلال داروخاو دەستی بەگریانکرد، راسالۆو نیکی رام بەیداخە سوورەکانیان بەرزکردەوە کە قوتابیان دروشمەکانیان لەسەر نووسیبوون، هەردووکیان هاواریانکرد: (سەندەرلال زیندابادا!)، کەسێکی دیکە هاواریکرد: (شری رامشاندرا).

بوو بەبگرەو بەردە، هەندێك دەنگ بەرزبووەوە دەیانوت: (بێدەنگی... بێدەنگی)، بەڵام تازە کار لەکار ترازا، ئەوەی نارین بابا لە چەند مانگێکدا توانیبووی فێریان بکات، بەچەند ساتێك لەناوچوون، زۆربەی ئەوانەی لەگەڵیدا بوون چوونە پاڵ مەوکیبەکە، کە کلکا پراشادو حوکم سینغ (Hukm Singh)ی عەریزەنووسی ناوداری شاری شوقی کالان پێشرەوییان دەکرد.

ئەو دوو پیرە پیاوە گۆچانەکانیان دەدا بەزەویداو دروشمیان دەوتەوە. سەندەرلال لەگەڵیاندا دەڕۆیشت و

چاوەکانی فرمێسکیان لێدەچۆڕا، ئەمڕۆ هەستی بەگەورەیی زەرەرەکەی دەکرد...

بەشداربووانی مەوکیبەکەش بەحەماسەتەوە سروودەکەیان دەوتەوە..

دەستکاریی لاجوانتی مەکەن

چونکە بەخۆیدا دەشکێتەوەو

دەمرێت

خەڵکەکە بەگەرمی و تاسەوە سروودەکەیان دەوتەوەو دەنگەکەی ئەو ناوەی پڕکردبوو، هێشتا خۆر هەڵنەهاتبوو، بێوەژنەکەش لەخانووی ژمارە 414ی گەڕەکی شاکوور پەلی لێڕاکێشابوو و لە ناوجێگەکەیدا تەپوتلی بوو.

لەو ساتەدا پیاوێك بەپەلە چوو بۆ لای سەندەرلال، ناوی لال چاند (Lal chand) بوو، خەڵکی هەمان گوندەکەی سەندەرلال بوو، سەندەرلال خۆی بەهاوکاریی خەلیفە کالکا پراساد یارمەتیی دابوو بۆ دانانی دوکانێکی خواردەمەنیی وشکە، پیاوەکە شڵەژابوو، بەپەشۆکاوییەوە هاواریکرد: (پیرۆزە سەندەرلال!).

سەندەرلال هەندێك توتنی خستە ناو پایپەکەیەوەو وتی: (پیرۆزباییەکەت بەبۆنەی چییەوەیە، لال چاند؟)

(لاجۆ بابی (Lajo Bhabhi)-م بینی.)

سەندەرلال پایپەکەی لەدەست بەربووەوەو توتنەکەش بەو ناوەدا بڵاوبووەوە: (لەکوێ بینیت؟) توند شانی لال چاندی گرت، کاتێك بەخێرایی وەڵامینەدایەوە، بەتوندی رایوەشاند، ئەویش بەپەلە وتی: (لە سنووری واگا)

سەندەرلال شانی لال چاندی بەرداو بەبێهیواییەوە وتی: (لەوانەیە کەسێکی دیکە بووبێت).

لال چاند بۆ ئەوەی قەناعەتی پێبکات وەڵامیدایەوە: (نا، نا، بای، بەچاوی خۆم بینیم... لاجۆم بینی).

سەندەرلال خەریکی کۆکردنەوەی توتنەکەی سەر زەوییەکەبوو بەلەپی دەستی دەیسرییەوە، وتی: (چۆن ناسیتەوە؟)، پاشان شانی هەڵتەکاندو توتنی لە پایپەکەی دەکردەوە: (باشە پێمبڵێ نیشانە جیاکەرەوەکانی چین؟)

(خاڵێك بەگەردنییەوەیەتی... یەکێکیش لەسەر رووومەتی)

ئەم وەسفە سەندەرلالی وروژاندو هاواریکرد: (بەڵێ... بەڵێ... بەڵێ) لال چاندیش لەسەر وەسفەکە بەردەوامبوو: (یەکێکیش لەسەر ناوچاوانی). ئیتر هیچ گومانی لانەما.

لەپڕێکدا هەموو خاڵ و نیشانەکانی سەر جەستەی لاجوانتی هاتەوە یاد، لە منداڵیدا ئەو خاڵانەی بۆ کوترابوو، ئەو خاڵ و نیشانانە وەك پەڵەی سەوزی سەر رووەکی لاجوانتی وابوون، کە دیارنامێنن، هەرکاتێك گەڵاکانی بەسەریەکدا لوولدەبن. هەرکاتێکیش سەندەرلال دەیویست دەست لەو خاڵانەی سەر جەستەی لاجوانتی بدات، ئەمیش خۆی گرمۆڵە دەکرد، وەك ئەوەی نهێنییەك یان گەنجینەیەك بن و شاردرابنەوە، تا پیسنەبن یان نەدزرێن بەدەستی دزێك یان درندەیەکی بێئامان. بەهۆی ترس و هیواوە هەموو گیانی سەندەرلال دەلەرزی، جەستەی لە تاسەو خۆشەویستییەکی پاکدا خەریکبوو گڕی دەگرت.

دەستی خستە سەر شانی لال چاندو پرسیی: (لاجۆ چۆن گەیشتە واگا).

لال چاند وەڵامیدایەوە: (لەوێ ئاڵوگۆڕی ژنە بەتاڵانبراوەکانی نێوان هیندو پاکستان بەڕێوەچوو). سەندەرلال چۆکی دادایە سەر زەویی ژوورەکەو لێی پرسی: (دوای ئەوە چی روویدا، پێمبڵێ چی روویدا؟).

راسالۆ لەسەر قەرەوێڵەکەی هەڵساو سنگی وەك جگەرەکێش زیخەزیخی بوو، پرسی: (بەڕاست بابی، لاجۆ گەڕاوەتەوە؟)

لال چاند درێژەی بەچیرۆکەکەی داو وتی: (پاکستان 16 ژنی بەتاڵانبراوی ئێمەی لە سنووری واگاوە گەڕاندووەتەوە، بەرامبەر 16 ژنی خۆیان کە لێرەن... بەڵام لەو کاتەدا مشتومڕ روویدا... چونکە یەکێك لە خۆبەخشەکانی خۆمان نارازیبوو بەو بیانوەی هەموو ئەو ژنانەی پاکستان مەرەخەسیان دەکات یان پیرن، یان تەمەنیان مامناوەندەو سوودیان نەماوە، خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوەو یەکتریان تاوانباردەکرد، پاشان یەکێك لە خۆبەخشەکانی ئەوان ئاماژەی بەلاجۆ بابی داو وتی: ئایا ئەمە پیرە... سەیری بکەن... ئایا ئێوە ژنێکتان

بەجوانیی ئەمە بۆ گەراندوینەتەوە؟ لەوێدا لاجۆ بابی رەق راوەستاو هەوڵیدەدا نیشانەو خاڵەکانی لە نیگا بێشەرمەکان بشارێتەوە. مشتومرەکە گەرمتربوو، هەردوو لایەنەکە هەرەشەی گێرانەوەی کالاکانیان دەکرد، منیش هاوارمکرد: لاجۆ... لاجۆ بابی، بەلام پۆلیسەکانی خۆمان بەحەیزەران لێیاندایین و دووریانخستینەوە).

لال چاند ئانیشکی دەرخست تا شوێنی لێدانەکانی حەیزەرانەکەیان نیشانبدات. راسالۆو نیکی رام هێشتا بەبێدەنگی دانیشتوون، بەلام سەندەرلال بەمێشکێکی پەرشوبلاوەوە لە ئاسمانی دەروانی، رەنگە بیر لە لاجۆ بکاتەوە کە گەراوەتەوەو هێشتا لەم دوورە، وادەردەکەوت لەتەنگژەیەکی سەخت دەرچووبێت، کە توانای داواکردنی یارمەتیشی لەبەربڕیبێت، وای هەستدەکرد هێشتا توندوتیژیی دابەشکردنەکە بەردەوامە، بەلام شێوازێکی دیکەی وەرگرتووە، تەنیا جیاوازیش ئەوەیە خەڵکەکە هەست بە سۆز ناکەن بەرامبەر بەوانەی ئازاریان چەشتووە.

ئەم رۆژانە ئەگەر پرسیاری لانا سینغ و هاوسەرەکەی خاتوو بانتۆ لە کەسێك بکەیت، کە لە سامباروال نیشتەجێبوون، بەموجامەلەوە دەڵێت: (هەردووکیان مردوون)، لە رۆیشتنی خۆشی بەردەوام دەبێت، وەك ئەوەی هیچ شتێکی ترسناك روونەدابێت و لە مەئلوف دەرنەچووبێت.

هێشتا لە ناوچەکەدا خەڵکی تینوو بەخوێنی سارد هەیە، بازرگانیکاران بەگۆشتی مرۆڤ و بوونەوەرە مرۆییە زیندو و ئازارچەشتووەکان مامەڵە وەك مانگا لە بازاری ولاخفرۆشی، بەژنەوە دەکەن. کاتی خۆی هەندێك دابونەریتی تایبەت بەکۆیلەفرۆشان هەبوو، کە جۆرێك لە رێزی تێدابوو، چونکە مامەڵەکانیان بەنهێنی ئەنجامدەدا، نەك بە بەرچاوی خەڵکەوە، بەلام ئێستا کریارو فرۆشیارەکان وازیان لەو رەسمییاتەی بازرگانە کۆنەکانی کۆیلە هێناوە، ئەمان زۆر بەئاشکرایی و کراوەیی مامەڵە بەژنەوە دەکەن.

فرۆشیارێکی ئۆزبەکی لەبەردەم ریزێك ژنی رووتدا دەوەستێت و بەپەنجەی دەیانپشکنێت... ئەو ژنانەشی کە رەتیاندەکاتەوە بەبێهیوایی و شێواوی دەوەستن و بەجلەکانیان لە شەرماندا روویان دادەپۆشن.

کاتێك سەندەرلال گەرانەوەی لاجۆی بیست، دەستی بەخۆئامادەکردن کرد بۆ رۆیشتن بۆ سنووری واگا، هەواڵەکە زۆر کتوپربوو، بەجۆرێك لە سەرەتادا شێواندی، نەیدەزانی چیبکات، دەیویست دەستبەجێ بچێت بۆ لای، بەلام سڵی لە دیداری دەکردەوە.

زۆر شڵەژابوو، بەجۆرێك بیریدەکردەوە لەگەڵ بەیداخ و دروشمە نووسراوەکاندا خۆی تەنیا بکات و لەنێوانیاندا دابنیشێت و بگریەت، بەلام لەدواییدا ئازایەتیی خۆی کۆکردەوەو بەهەنگاوی پتەو رووەو شاری شوقی کالان کەوتەرێ، کە بەتالانبراوەکانی لێدەگۆردرایەوە.

لەناکاو لاجۆ لەبەردەمیدا وەستا، لەترساندا دەلەرزی، چونکە تەنیا خۆی سەندەرلالی دەناسی و کەسیش وەك ئەو نەیدەناسی، بەردەوام رەفتاری لەگەڵیدا خراپبوو، ئێستاش دوای ئەوەی لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا ژیاوە، ناتوانێت بیهێنێتە پێش چاوی کە چیی لێدەکات.

سەندەرلال لە لاجۆی دەروانی، کە سەری وەك هەر ژنە موسوڵمانێك بەحیجاب داپۆشرابوو، لچکێکی سەرپۆشەکەشی بۆ سەرشانی چەپی هەڵدرابووەوە. بێگومان فێری نەریتەکانی ئەو ژنانە بووبوو، کە ماوەیەکە لەگەڵیاندا دەژی بەو هیوایەی خۆی لەو کەسانە بپارێزێت کە دیلیانکردبوو، بەلام شتەکان زۆر بەخێرایی بەرێوەچوون و سەندەرلالی هاتەوە بیر، بەشێوەیەك فریا نەکەوت جلەکانیشی بگۆرێت یان بیر لە چۆنییەتیی لەبەرکردنی حیجابەکەی بکاتەوە.

ئەو لەحاڵەتێکدا نەبوو بیر لە جیاوازییەکانی نێوان کولتووری هیندۆسی و کولتووری ئیسلامی بکاتەوە، یان گرنگی بە لچکی سەرپۆشەکەی بدات کە بیخاتە سەر شانی چەپی یان راستی.

لەبەردەم سەندەرلالدا وەستا، لە بێهیوایی و بەهیواییدا دەلەرزی...

سەندەرلال تووشی شۆك هات، چونکە لاجۆ وا دەردەکەوت تەندروستیی باش بێت و کێشیشی زیادیکردبێت. پێستی روونترو چاوەکانیشی بریقەدارترن... جیاواز بوو لەوەی ئەم پێشبینیی دەکرد... ئەم پێیوابوو ئازارو چەرمەسەری تەنیا ئێسکەپەیکەرێکیان لێ هێشتووەتەوەو توانای گۆکردنی تەنیا چەند وشەیەکیشی نەماوە،

سەریسورما، چونکە بۆیدەرکەوت لە پاکستان بەباشی رەفتاری لەگەڵدا کراوە، حاڵەتەکەی لا سەیربوو، (مادام لەوێ دڵخۆش و دڵشاد بووە، بۆچی بەگەڕانەوە رازیبووە؟ رەنگە حکومەتی هیندی ناچاری گەڕانەوەی کردبێت...)، هیچی پێنەوت، چونکە سەندەرلال پەیمانی بەخۆیدابوو کە سەرزەنشتی نەکات و سزای نەدات. ئاشکرایە سەندەرلال نەیتوانی ئازارو سووکایەتی پێکردنەکان لەڕووی لاجۆدا بخوێنێتەوە.

درکینەکرد روونیی پێستەکەی بەهۆی پەتاوە بووەو جەستەشی چوستی و چالاکیی گەنجیی لەدەستداوە.

بیرۆکەی رووبەڕووبوونەوەی هاوسەرەکەی کە بەتاڵانبراوەو لاقەکراوە، بۆ سەندەرلال بەشێوەیەکی نامۆ بێزارکەر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئەرکی خۆی دوانەکەوت و زۆر مەردانەو ئازایانە رەفتاری لەگەڵداکرد.

لەبنکەکەی پۆلیس، جگە لەسەندەرلال ژمارەیەك پیاوی دیکەی لێبوو، تەنانەت یەکێکیان هاواریکرد: (ئەو سۆزانیانەمان ناوێتەوە... موسوڵمانەکان گڵاویانکردوون). بەڵام ئەو دەنگە هەر زوو بوو بەژێر سەدای ئەو دروشمانەی راسالۆو نیکی رام و پارێزەرە پیرەکەی شاری شوقی کالان، دەیانکێشا.

دەنگە گرەکەی کالکا پراشاد هەموو غەڵبەغەڵبەکانی بری، کە لەبڵندگۆکەیەوە دەکۆکی و هاواریدەکرد، داوای لە شاستراو فیدای نوێدەکرد، کە یارمەتیی خەڵك بدەن بۆ تێگەیشتن لەو جیهانە نوێیەی بەرەو روویان بووەتەوە... لەو ساتانەدا کە خەڵکەکە دروشمیان دەکێشاو وتاریان دەخوێندەوەو جوێنیان دەدا، سەندەرلال دەستی هاوسەرەکەی گرت و بەپێ بەرەو ماڵ بوونەوە. سیناریۆکە لە دووبارەبوونەوەی چیرۆکە کۆنەکە دەچوو، کە وەسفی رام شاندرا دەکات، کاتێك پێش سیتا دەکەوێت کە دوای چەندین ساڵ لە نەفیکردن دەگەڕێتەوە بۆ ئەیۆدیا (Ayodlya) هەروەك رابردوو لەیەك ساتدا خەم و خۆشی بوو، لەلایەك ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی گەڕانەوەی هاوسەرەکان بۆ ماڵەکانیان لە نیشتماندا، لەلایەکی دیکەشەوە هەستکردن بەشەرمەزاری لەوەی بینییان و پێوەی ناڵاندییان.

دوای گەڕانەوەی لاجوانتی-ش، سەندەرلال بەردەوام تواناکانی خۆی بۆ کاری لیژنەکە تەرخانکردبوو. هەموو پەیمانەکانیشی بە وتەو کردەوە بەئەنجامگەیاند، باوەڕی هەموو ئەوانەی بەدەستهێنا کە تێیدەگەیشتن، کە کەسێکی عاتیفی و میسالییەو بەوەفاو دڵسۆزە بۆ بیروباوەڕەکانی، بۆیە زۆری خەڵك شادمان بوون بەگەڕانەوەی هاوسەرەکەی.

خەڵکانێکیش هەبوون بەم وەرچەرخانەی رووداوەکان بێزاربوون، بێوەژنەکەی لە خانووی ژمارە 414دا نیشتەجێبوو، تەنیا کەس نەبوو کە لە ماڵی بابۆ سەندەرلال- ی کارگوزار لەبواری کۆمەڵایەتیدا دوورکەوتەوە.

سەندەرلال خۆی لە هەموو ئەوانەی زەم یان پیایاندا هەڵدابوو، دەبوارد، چونکە شاژنی ماڵەکەی گەڕاوەتەوەو سەرلەنوێ بۆشایی رۆحی پڕدەکاتەوە. لاجۆی وەك پەیکەرێکی زێڕ لە هەیکەلی دڵیدا هەڵگرت و وەك پەرستشکارێك و چاودێرێکی بەئەمەك پاسەوانیی دەکرد. ئەو لاجۆیەی جاران لەبەردەم سەندەرلالدا دەلەرزی، ئەمێستا دەیبینێت بەسۆزو رێزەوە دەستی لێدەدات، بەجۆرێك کە هەرگیز چاوەڕوانی نەدەکردو رۆژ بەرۆژیش نەشونما دەکات.

ئێستا سەندەرلال بە(لاجۆ) بانگیناکات، بەڵکو بەوشەی دیفی (Devi)، لاجۆش لەوپەڕی دڵخۆشی و شادمانیدایە، کە پێشتر هەرگیز تامی ئەو خۆشییەی نەکردووە.

لاجۆ دەیویست بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە چیرۆکی رووداوەکان بۆ سەندەرلال بگێڕێتەوە تا تەواو خۆی پاکبکاتەوە، بەڵام سەندەرلال گوێی بۆ چیرۆکەکەی نەدەگرت. لاجۆ بەردەوام هەستی بەترس دەکرد لە ژیانە نوێیەکەی، کە لێوانلێوە لە سۆزو خۆشەویستی، هەندێکجارو کاتێك سەندەرلال لە شیرینیی خەوی شەودا بوایە، خۆی دەچەماندەوە بەسەریداو لێی دەڕوانی، کاتێکیش بەو حاڵەوە بیگرتایە، پرسیاری هۆکەی لێدەکرد، بەڵام لاجۆ ورتەورتێکی دەکردو دەنووستەوە...

گومانی تێدانییە سەندەرلال راستەوخۆ دوای گەڕانەوەی لاجۆ پرسیاری (رۆژە رەشەکان)-ی لێکردووە.

(کێ بوو؟)

لاجوانتی چاوی داخست و وەڵامیدایەوە: (جەمال!)، پاشان بەترسەوە چاوی بەرزکردەوەو سەیری

سەندەرلالی کرد، دەیویست زیاتر بڵێت، بەڵام نیگای چاوەکانی سەندەرلال هێندە بەهێز بوون، دووبارە چاوی داخستەوەو بێدەنگبوو.

(ڕەفتاری باشبوو لەگەڵت؟)

(بەڵێ).

(لێی نەدەدایت، وانییە؟)

لاجوانتی کەمێك گەڕایە دواوەو سەری خستە سەر سنگی سەندەرلال و وەڵامیدایەوە: (نەخێر).

پاش کەمێك دەستی بەقسەکردن کردەوە: (لێینەدەدام بەڵام زۆری لێدەترسام، تۆ زۆریشت لێدەدام، بەڵام لێتنەدەترسام... لەمەودوا لێمنادەیت، وانییە؟).

چاوەکانی سەندەرلال پڕبوون لە فرمێسك، دەنگی تێکەڵەیەك بوو لە شەرم و پەشیمانی کاتێك وتی: (نا، دیفی... هەرگیز... جارێکی دیکە لێتنادەم).

لاجوانتی بەناسکییەوە وشەی دیفی وتەوە.

لەو ساتەدا لاجوانتی دەیویست هەموو شتێکی بۆ باسبکات، بەڵام سەندەرلال پێیوت: (با رابردوو لەبیربکەین، تۆ هیچ تاوانێکت نەکردووە، ئەوە کۆمەڵگەکەمانە تاوانبارە، چونکە رازینابێت ڕێز لە ژنانی وەك تۆ بنێت و تا ئاستی خواوەندەکان بەرزیانبکاتەوە، پێویستە کۆمەڵگەکەمان شەرم لەخۆی بکات، پێویستە وا هەست نەکەیت شەرفت ئەتککراوە).

بەمشێوەیە داخەکانی لاجوانتی لە دڵی خۆیدا پەنگی یانخواردەوە، بەبێهیوایی سەیری جەستەی خۆی دەکرد، بۆیدەرکەوت لەکاتی دابەشکردنەکەوە، ئەمە جەستەی خۆی نییە، بەڵکو جەستەی خواوەندە. دڵخۆشبوو تا ئاستی گەشکەگرتن، لەهەمانکاتیشدا دەترسا ڕۆژێك لەپڕدا خەونەکەی تێکبشکێت و گوێی لە دەنگی پێی غەوارە بێت... وردەوردە گومان شوێنی کامەرانیی گرتەوە، لەبەر ئەوە نا کە سەندەرلال دووبارە مامەڵەی لەگەڵیدا خراپبووەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەردەوامبوو لە مامەڵەکردنی بەسۆزو نەرمیی زیادەوە. لاجوانتی چاوەڕێی ئەو هەموو سۆزەی لێنەدەکرد... ئەم دەیویست ببێتەوە بەلاجۆکەی جاران، ئەو ژنەی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لەسەر سادەترین شت بەشەڕدەهاتن، لەدواییشدا ئاشتیدەکردەوەو گەمەی لەگەڵ دەکرد، لە ڕۆژانی ئێستایاندا تەنانەت شەڕکردن بەقسەش باسی نەماوە، چونکە سەندەرلال وایلێکردووە، هەستبکات کە شتێکی بەنرخ و ناسکی وەك شوشەیەو لەگەڵ بچوکترین دەستلێدان لەوانەیە پارچەپارچەبێت...

کاتێك لاجۆ لە ئاوێنەدا سەیری خۆی دەکرد، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە لاجۆکەی جاران نییە، راستە گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەکەی، بەڵام هەموو شتێکی لەدەستداوە... سەندەرلال ئەو چاوەی نەما فرمێسکەکانی ئەمی پێ ببینێت، ئەو گوێیەی نەما ناڵەناڵی ئەمی پێ ببیستێت... ئێستا هەموو ڕۆژێك لەگەڵ مەوکیبەکەدا دەردەچێت و گەڕەکی شاکوور تەیدەکات و لەگەڵ راسالۆ و نیکی رام سروودەکە دەڵێنەوە:

دەستکاریی لاجوانتی مەکەن

بەخۆیدا دەشکێتەوەو

دەمرێێت

1.شاستراو پورانا، دوو ئەفسانەی هیندین.

ئەم چیرۆکە لە کتێبی (قصص هندیە)دا بڵاوکراوەتەوە.

وەرگێرانی: هدی الکیلانی، د.ابراهیم الشهابی

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی عەرەب- دیمشق 2005.